


تایبەتە بە ڕۆژە سەوزەکانی تری ئیسماعیل خورمالی

مێ سەوزەڵەی ، برۆجۆگەی
لاجۆگەی سارداوی ژیان !
مێ هات وچۆی ، نووری خوا
لەناو دوکەڵاوی شەودا !
مێ ئاسکی گۆرانییەکی ،تەڕو زامار
لەوبەر باخەکانی (ڕاست و سەبا) !
مێ بۆڵێکی
قەرسیل وشین
لە نێو عونابی حیجاز و

لەناو ڕەزی بەیاتی شین ،
لە ناو مێژووی گڕی شیرین !
کێ وەکو من
خەڵتانە بە تەڕایی مێ
بێ
لە
پەسێو
لەپاساری
پەنا پاساران هەڵڕوانێ
چۆلەکەیەک
ڕەنگی عیشقی تیابێ
هەتاوێ گەرمایی مابێ
زەردەپەڕێ
نازی هەبێ
لە مێ دایە و
لە مێ دایە !
کێ وەکو من
خەڵتانە بە تەڕایی مێ
با بێ لە دارتێلی کوچە
سەوزەکانی شار هەڵڕوانێ
لە نارنجی ڕۆشناییەکان
لە مەستایەتی ئێوارە و

له شۆخایەتی سپیدە
با هەڵڕوانێ
من دەڵێم یاران دۆستانی ، ئەوین ومێ
چاوێ ڕوانینی ئەوینی تیابێ
چاوێ خوڕەمی ئاگر و ڕووتبوونەوەی تیابێ
هەر لە مێ دایە و
هەر لە مێ !
هۆ ماسییە مێ لە زۆنگاوێ
نەیارانت گوێ بۆ شڵپەی
مەلەکردنت هەڵدەخەن
لە ئاگرێ هۆ ماسییە مێ
نەیارانت چاو لە بڵق و
مەوجی سوتانت پڕ دەکەن !
ڕەنگە چڵەگیایەک لە خوێن
حەوسەڵەی سووتانی نەبێ
بەدەم تەڵێ شقارتەوە
بەڵام ئەی یارجودایی تۆ
گرەوێکی قەرسیلە هەر
بەو تۆزقاڵە ئاگرانەی خوا
تێمەکەوە
مەڵێ
وای خودایە

چ دەستوورێکی
نادەستووورە ئەم فەسڵانە
نانا ئەی یار
تاقانە ژن
ئەمیرەترین ئەمیرەی عەرشی شیعر
بیرت نەچێ
دەستوور چۆن بێ
چڵ وئاگر چۆن بن
هەر باخە بوزوورگەکانی خاکیشە
لەودیو پڕووکان و
سووتانەوە
لە ئاگرا
شڵپەیان دێ !
تۆ تەواشا
ئەی خانمی
کەوە پۆشی زمان هەنار
چ ڕمۆزنە وتاغی بێ پەنجەرەو
دەمی بێ ماچ !
چ ڕمۆزنە ئێوارەی  بێ قریوە و
ئاسمانێک خاڵی لە نمە ولە هەسارە
وای چ تاڵە تاقانەژن
کوزەساڵی کاڵەکی ژین

دوور لە تەرزی
فێڵە سەوزەکانی عیشق
وای لە عیشق
وای لە عیشق !
دەبێ ئەوجارە خانم
لەتەک ماسی
چامەیەکدا بچمەمەلە
بچمەمەلە و
دێڕەکانی
یەئس وفەنا تەڕ کەمەوە
قاپی موژدە
لەخەرمەنی
پایزێکی پیر کەمەوە
وەک سەرئێوارەی بەراتی جاران
زەینم پڕکەمەوە لە موحیبەت و
زەینم پڕکەمەوە لە ڕەنگ
وای لە ڕەنگ و
وای لە عشق
باخەڵی ئەم ئێوارەیە
چەن پڕە لە سێوی عێشق
سەکۆی ئەم سپیدە وەنەوشینە
چەن پڕە لە نازنازی بەرائەت وجوانی

ئاگره و بەختی دارستان !
ڕەشەبایە و بەختی خونچە!
سەدای حوزنەو
بەختی شمشاڵەکەی خوا !
وای لە حووزن
یەکەم خاڵی
بەدبەختیمان لەوەدابوو
فوومان لە خاڵی خاڵخاڵۆکەکان دەکرد
یەکەم مەلەی دابڕانمان لەوەدابوو
بێ ڕەحمانە
ماسیمان بە ئاوەوە دەبرژان
هەنوکەش تۆ
لەشەمامەیەک بڕاونە
ئالۆش و گڕی بێستانێ خڕدەبینی !
تێکەڵ بە سپیدەیەک بە
چۆلەکە بە جووکە درەخت پڕکا لە قریوە و
لە قریوە !
بە فڕینی
کۆترێ دامەچڵەکێ تۆ
بەدووی باڵەکانیا
ئاسمان پڕکا
لەگوڵەحاجیلەی فڕین !

به شیعرێکی مەحزوون
چاوانت نمناک مەکە تۆ
کە (ژاڵە)ی عەدەم لەدەمی
کەژۆڵەی بوون وەلادەنێ !
زەمانێکە هەرکوێ دەڕۆی تاقانەژن
هەر عەدەمە وهەر عەدەمە و عەدەم
هەرکوێ دەڕۆی تاقانە ژن
هەرخوێنەو هەر خوێنە وهەر خوێن !
وای خودایەئەم دەربەنی
ڕەشەدۆزەخەی لای تۆ
کەی تێر دەبێ لە سیخناخ و
لە کەروێشکەی ئینسانەکان !
وەکو سینەم لە دوکەڵ
کەی پڕدەبێ ئەم دۆزەخەت !
ئاخەر خودا
کە نێرگزێ
تەمەنی عەتر بەخشینی نەبێ
جوملەی عاشق
چ گەمەیەک بە بەهار و بەسەوزایی دەکەن !
کە ئاوێک مەودای تەڕایی لێ نەگۆزن
دەشتان
بە چ ئاوێکی کۆپی وە دووی دەکەون !

که پایزان
باخ پاڵتۆیەکی خەنەیی نەدا
بەسەر شانیا و
ملپێچێ لە ڕەنگی وەرین
لەملی گوڵەکان نەکا
هەیهات
بە چ پایزێکی سەوز و
بە چ وەرزێکی دۆڕاوی
ڕەنگ خەساران ناوی دەبەن !
کە ماسییەک لە ڕاپسکانی قولاپێ
ئاگر لە عیشوەی ئاو بەر نەدا ت و
قەرسیلایەتی ئاو نەسووتێنێ !
هەیهات
چ ماسییەکی دێمستانە !
کەتۆش ئەی یار
لەڕاپسکانی شیعرێ
هەموو عیشوەی عیشق و
هەموو ڕۆژەکانی شاعیر نەسووتێنی
هەیهات چ مێیەکی وشکەڵ و
چ میوەیەکی تاڵ و
چ چرایەکی بە دووکەڵ و
سەرابی ڕێی جەحیمی چ هیچێکی !

که تۆش ئەی یار لە پایزێ
ڕەنگی فڕینی گەڵاکان نەگری لەنێو بادا
نمێ
بە دووچاوی
چڵە وشکەڵەکان نەدەی
هەیهات و
وەیل لەوەی
بە کەنیشیکی کۆڵانە پایزەیەک
بە کوڕانی لای بەهارت دەناسێنن !
که تۆش بەسەر
(سەر دۆڵە)ی لا تەمەنێکدا
بە پاڵ ساجی قریوەوە
ئاردی عیشق نەپژێنی
هەیهات
لە سپیدەی
نان کردنی خۆشەویستی و
هەیهات
لە جەنگەکانی من و تۆ !
تۆ دەزانی چەن سەهەنم
بۆ مانەوەی عیشق
من هەمیشە
لە لاڕێی دۆڕانی عیشقا

## بۆ مانەوەی عیشق

چنگم پڕدەکەم لە (چەوە)ئاوییەکانی ژیان
چاوم پڕدەکەم لە ئاشکرا یی شینایی
قوڕگم پڕدەکەم لە گمەی
کوکوختی لای سەربانەکان
ئەو بانانەی
بەسەر جەنگی
دوا پشیلە برسییەکانی شارا هەڵدەڕوانن
بەسەر یەکەم ساتی
ئاوقابوونی
دووعاشقی
کۆڵانی سووردا دەڕوانن !
ئەو بانانەی پڕن
لە حیکمەتی
پاراستنی زۆر نهێنی و
پڕن لە پیاسەی زەردەپەڕ !
ئەو بانانەی
نیوە شەوان
لە ناو عیشقی
مانگەشەودا شڵپەیان دێ !
سپیدانیش لە ناو گمەی
کۆترەکاندا گمەیان دێ !

ڕووله من كه
ئەی خانمی پیرۆزە پۆش
فرسەتی ساڵی ئاگر مەدۆڕێنە
من پیاوێکم
له جنسی لالەنگییەکان
هەتا حەز کەی
خۆش ڕووتەنە جەستەم !
قەڵەمێکم له دەفتەری
هەنارە قلێشاوەکان
كه عیشق هات
سەرایەک ئاوم لێ دەڕوا !
به چاوی سەفەرت بۆڵی قورس و گران
تاقانەژن
ئەی هاوسەری خوڵقاو
لەهەنارو له جریوە و
له شەونمی عەترێکی فێنک !
منیش وەک تۆ
به پاڵ سێبەری شیعرەوە
مەخلوقێکی ناو جوگرافیای لیمۆکانم
به لیمۆی یادەوەرییەکانت قەسەم بێ
ماڵەکەم وەک باخ لەجووکە و
له جریوەت چاو دەگەڕێ

ماڵەکەم وەک
وەک قەیاغی قەوزەگرتووی لمستانێ
لە مەوجاوی تێکەڵ بوون و
لە جەنگی عیشقت دەگەڕێ !
ئامێزم وەک
پەتی پچڕاوی ملوانکە
لە مرواری و
لە یاقووتی گۆشتەکانت دا دەگەڕێ!
لێرەنیت ولەگەڵم دای
تۆ ئەی مزرترین ئینسان
هەنارە ژن
ئەی شەبەنگی هەموو ڕۆژە خۆشەکانم
مانگەشەوی
شەوی مزرایی جووت بوونم
لێرە نیت و لە گەڵم دای هەنارە ژن
لێرە نیت و لەگەڵم دای سەلارە ژن
وەک چۆن شیرین ترین پێدەشت
لە دەشتەکانی لەشی مێ
هەڵفڕینی مەم و
پانتایی چاڵێکی چکۆڵەی
هێندەی شەوەیەکی تارە و
بەڵام دەهێندەی دۆنمەکانی خوا

پڕ لە ئاگر و

پڕ لە لەزەت !

لە ڕامانت ڕادەمێنم

دەبم بە نیشتیمانی کۆتر و

درەختم پڕ دەبی لە عیشوەی فڕین و

ئاوم پڕ دەبی لەشەپۆل

لە ڕامانت ڕادەمێنم

دەبم بەتەڕایی هەورامان و

پڕپڕ دەبم لە بەڕەزای تاڵەکانت !

پڕدەبم لە سامالّی تەنکە لێوێ

کە پڕپڕە لە هەسارەی خاوبوونەوە و جوانی

لە ڕامانت ڕادەمێنم

دەستی ژێر چەنەت شەکرە ژن

پڕم دەکا

لە ڕاوی ئەندێشە و خەیاڵ

پڕم دەکا

لە ئاژەنی

یاسەمینەکانی سبەی

پڕم دەکا

لە ڕەهەندێکی شیرین

لە ڕەهەندێ

وەک هەڵلەرزینی سەرێ

وەک چۆلەکەیەکی تەڕو غەمبار
بە پاڵ سەری قەبرەوە !
ئۆی ئۆی
هەنارە ژن
هەنووکە چەن
تەڕم بە دەس نەیاری بارانەوە
وەک چڵێ لە پشت پیربوونی
دارستانێکی کۆمەوە
گەڵای ئەشک بداتە با
چەنە قارسم
بە وەرس بوونی ئێوارە !
وای خودایە
هەنووکە من
وەک ئەو عاشقەی
بۆ عەشیقەیەکی بێ وەفا
مووسی بە دڵیا دەهێنا
ئەمێستا من
مینا ڤانکوخ
گوێم لە چنگی کەنیشکێک دایە و
بەڵام ڕەنگم لە دڵی هەزار دایە !
دڵم لە دڵی کەنیشکێک دایە و
بەڵام عیشقم

کلووی خوایە و

هەر دەبارێ و

هەر دەبارێ !

لە ڕۆژێک داین

دەشێ خودا

ژمارەی تاریکاییەکان فرە تر بن

یان ژمارەی پێخاوس و قەرەج وگۆڵ !

لە ڕۆژێک داین

دەشێ خودا

ژمارەی چەمەکانی خوێن فرەتربن

یان ژمارەی بەربوونەوەی

سێوەکانی ئاسودەیی !

دەشێ خودا

چەشم ساغی

تەریقەتی قەتڵ فەرەتر بن

یان ژمارەی

کوێرە بێ مووسیبەتەکانی بەر مزگەوت !

لە ڕۆژێک داین دەشێ خودا

حیکایەتی ماچ و عیشق بە کوێ بگا ؟

چەمەگەڵای پایزی خوێن بە کوێ بگا ؟

ڕۆژی

ستار بوونی ئینسانەکان بە کوێ بگا ؟

گەرچی خودا

من بە خوێنی خوڕەمەوە و

بەخوڕەمی خوێنیشەوە

لە جەنگەکانی پشت ئاگر وەرز نابم

لە غەیبەتی پشت بەهاری

پەروانەکان وەڕز نابم

لە سەفەری

ئێوارە مەعشوقەکانی

شیعر وەرز نابم

لە تەنووری ئەم تەنیاییە

وەڕزنابم

کە هەنووکە

قرچەم لێ دێ

بۆ فرسەخێ

لە زەمەنی دایکی کاسیا

بۆماچێ لەودیو بەهاری ئاگرەوە !

لێرەنیت و

بەڵام

هەنارەژن

ئەمیرەترین ئەمیرەی عەرشی شیعر

هەر لەگەڵمای

لەهەرکوێ بی

دەستەکانم
پڕن لە بۆنی شەمامەت !
گەرووم پڕە ،
پڕە لە عەتری هەناسەت !
لە هەر کوێ بم
چاوم پڕە لە فڕینی
شەهێن و باڵندەکانی گیانت!
سەرینەکەم پڕە
لە نێرگزو لە پەروانەی چپەکانت !
لێرەنیت وبەڵام
ئەمیرە ترین ئەمیرەی شیعر
بە خویندننەوەی فنجانێ
دەگەمە تۆ
تەواشا من چەن بە وردی
جەنگەکانی مەم دەبینم
سوپای سەتەنی ئاگر دەبینم
بە خوێندننەوەی فنجانێ
دەستم وە باریک ترین چڵە گیای یادەوەریت دەگا
چاوم بە دوورترین پەروانەی قریوەت دەگا
ئەوەتانێ
مانگەشەوی سەرشانێ
لە ناو هەسارەی شەیالەی

سەر شانێکی

(ئاوی )دا وەک ڕۆژ دەبینم !

ئەوەتانێ لە کوێستانی

سەتەنێکی چیمەنیدا

( باز)ی کەروێشکی پەمەیی گیانت

خوڕەی ئاگری گیانت دەبینم !

لە هەر کوێ بی

لە هەر کوێ بم

ئێمە جووتین !

لە هەر کوێ بم

لە هەر کوێ بی ،

ئێمە جووتین !

بەڵام ئەی یار

لەسەر پشتی ئەسپێ عەیار

سپیدە بفڕە و بیرەوە

هەموو شتێ لەم ماڵە دا تامەزرۆتن

گوڵ مانی لە ئاو گرتوە و

گڵۆپ مانی لە هەڵکردن

پەنجەرە لە ڕۆژ وباران

پەردە لە پەنجەکانی تۆ و

میوە لە لێوی تۆ !

هەموو شتێ لەم ماڵەدا چاوەڕێتن

هەموو شتێ لەمماڵەدا تامەزرۆتن !
یەکەم جارە
گوێم لە شیعری ئاو بێ بۆ تۆ !
یەکەم جارە
سەوزایی ماڵ
بە چیرۆکێ
لە وەنبوونت هەڵڕوانێ !
یەکەم جارە
سەرینەکەم لە ژوور سەرم بفڕێ و
لە وەنەوشەی تاڵەکانت هەڵڕوانێ !
یەکەم جارە قەڵەم بڵێ
لە ڕۆژی زمان پژینی
نووسینمەوە
هەتا ئێستا
سەرێشەی شیعرێکی وەهام نەگرتووە !
سپیدە بفڕە و بێرەوە
جامی تەنیایم بڕێژە ، تاقانە ژن
هێندە بەسە
بووم بە دانی تەتەڵاوی
بەر کزەی مەرگێکی ئارام !
هێندە بەسە
بووم بە سووتووی حیکایەت و

بووم بە سووتووی قەڵەم
گەرچی ئەی یار
هەمووان کڵۆی سووتوویەکین
بۆ ناو کۆکتێلەکانی خوا
کۆکتێلێ لە فڕینی باڵندە و مەلەی ماسی
هەر کۆکتێلێ   لە تەرازێدیا و
لە شینایی ئینسان
هەڵمان دە و نۆشمان کە خودا
وەک ئەو کچەی دیلی ناو ئاوێنەیەکە
ڕەنگەکانمان هەڵدە خودا
وەک ئەوعیشقەی
لە زەردەپەڕدا وون دەبێ
هەڵماندە و وونمان کە خودا !
وەک پیاوانی ڕەنگ و دەسەڵات هەڵماندە
وەک پیاوانی دزە وولات
دزە نانی مناڵانی
ساڵی شەهید
هەڵماندە تۆش
تەواشاکە
لەتەک ئەرخەواندا
پێکێ بە پاڵ
شەهید بوونمانەوە هەڵ دەدەن !

لە تەک خوێنا
پێکێ بۆ شەرەفی ڕووداوەکان  نۆش دەکەن !
لەتەک جەلاد
پێکێ بەپاڵ پێکەنینەوە نۆش دەکەن  !
پێکێ بە دیار
پەروانەکانی زانکۆوە هەڵدەدەن
پێکێ بە دیار ژنی تازە و
نەرمۆڵەترین کەنیشکەوە هەڵدەدەن !
وای خودایە بەختی چ شەرابێکە
ڕوانین لە  پەنجەرەکانی سەفەری یار ؟
بەختی چ شیعرێکی بە تالیعە
خزانەناو
ئێوارەسەوزەکانی یار ؟
بەختی
سەوزایی چ(زاگرۆس)ێکە
فوارەی خوێن
لەناو توڵی ووشکا ؟
قاقای بەهار لەدەرماڵی پایزاندا ؟
لێرەنیت ولەگەڵم دای
ئەی خانمی پیرۆزەپۆش
بەڵام
لە ڕامانتا دەتناسم و

له ڕامانتا دەتنووسم و
له ڕامانتا تۆ ببینه
دڵم دەبێته گڵۆپی
دارتێلەکەی حەوشه و
دەبێته دەستی لاولاوێ
لێو به لێوی پەنجەرەوه دەنێ
له ڕامانتا
کچی وولاتی گۆمەشین
دەتناسم ونەمناسیوی
دەتناسم و
وەک کازیوەی داپەسیوی !
تەواشاکه له ڕامانتا
له ئاگری دوا سەفەرتا
چۆن دەسووتێم
تەواشاکه له ڕامانتا
له گوێ ئاوی یادەکانتا
چۆن دەخنکێم !
لەگەڵ بادا له بیرت بم
کەمن گەڵایەکی قەرسیلی تۆم !
لەتەک فڕینی هەورێکدا
له بیرت بم
که من

**تنۆكێكم**

**له هه‌وره ڕووخۆشه‌كانت !**

**له‌ته‌ک گۆرانییه‌كی نوێ دا**

**له‌بیرت بم**

**كه من**

**هاژه‌ی قه‌ڵه‌مێكم له گۆرانی !**

**له بیرت بم**

**دڵدارێكی ده‌سته‌پاچه‌ت لێ نه‌بینم**

**له عیتابی باڵنده‌كانی ئیسماعیل خۆت وه‌لانێ**

**له عیتابی هه‌ساره وماسی ئیسماعیل خۆت وه‌لانێ**

**عاشقم به**

**وه ک چۆن من عاشقتانم**

**سێبه‌رم به**

**وه‌ک چۆن من سێبه‌رتانم**

**هه‌تا ئاوی ئێوه‌م هه‌بێ**

**ماسی شیعرم هه‌ناره‌ژن**

**حه‌وت ده‌ریا ئه‌ولاتر ده‌چێ و**

**ڤنسی شیعرم هه‌ناره ژن**

**حه‌وت ئاسمان ئه‌ولاتر ده‌فڕێ !**

**به‌هاری 2005/ئه‌ڵمانیا**